**بۆکان لە مێژوودا (٣٤٦)** **ئەنوەر سوڵتانی**

# نامداران بۆکان

تەواو بە هەڵکەوت تووشی وێبلاگی "جێژوان" هاتم. وێبلاگێکە کەسێکی خەڵکی بۆکان دەینووسێت کە ناوی خۆی ڕانەگەیەندووە. ناوی تەواوی وێبلاگەکە بە کوردی بەم شێوەیە ڕاگەیێنراوە: "جێژوان – مەکۆی خەمخۆرانی بۆکان" ئینجا لە ژێریدا بە فارسی نووسراوە: "فریاد برای فردائی بهتر برای بوکان". من لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٠١٢/٠٤/٢٣ دا چاوم لە وێبلاگەکە کردوە.

زوربەی بابەتەکان بە فارسین بەڵام بابەتی کوردیشیان تێدایە. ئەوەی لە پێوەندی ئەم زنجیرە وتارەدا بێت و هۆکاری ڕاگەیاندنی من بێت، ژیننامەیەکە وا بۆ دوازدە کەسایەتی بۆکانی نوسراوە و من لێرەدا ڕیفرەنسیان پێ دەدەم. ئەم بابەتانەش هەر بە گشتی بە فارسی نووسراون بەڵام هەندێکیشیان کوردین.

دوو لە ناوەکان بۆ من زۆر ناسیاو نین و ئەوە بەردەوامیی ژیان و کار و خەبات دەگەیێنێت لەو ماوەی ٣٢ساڵەدا کە من لە بۆکان ڕۆیشتووم.

ئەوە ئەدرەسی وێبلاگەکەیە، بە سپاسی زۆرەوە بۆ بەڕێوەبەر یا بەڕێوەبەرانی:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/

ئەوەش بەشی "نامداران" ی بۆکان کە ئەم کەسایەتییانە دەگرێتە بەر:

قالەمەڕە:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/qalemere

حەسەن زیرەک:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/zirak

دوکتۆر خالید قزڵجی:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/dr_ghezelchi

ڕێبین حەیدەری:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/rebin

سۆفی ڕەحمان

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/sofi_rahman

موقبیل هونەرپەژووە:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/moghbel

ئەکرەم سەرا:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/akramsara

عەبباس حەقیقی:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/haghighi

ژەپەتو:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/jepeto

محەممەد نووری:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/nuori

سوارە ئێلخانی زادە:

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/sware

سەید کامیل ئیمامی (ئاوات):

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/imami

حەسەن سەلاح (سۆران):

http://buokanpatogh.mihanblog.com/extrapage/soran

سەرچاوەی هەندێک لە بابەتەکەن "ویکی بێدیا" یە و هەندێکی دیکەیان "سایت اداره ثبت احوال بۆکان" ە. من بە هەواڵی ئەو سایتەی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵیشم نەدەزانی و لە ڕێگەتی "جێژوان" ەوە سەردانم کرد (٢٠١٢/٠٤/٢٣). لەو سایتەشدا ستوونێک بە ناوی "گنجینه اسناد" هەیە کە بەشێکی تایبەت بە ناودارانی شاری بۆکانە.

پێنج کەس لەو کەسانەی وا لە بەشی "نامداران بوکان" ی وێبلاگی جێژواندا ناویان هاتووە (واتە مامۆستا حەقیقی، دوکتۆر قزڵجی، سۆفی ڕەحمان، حەسەن زیرەک و موقبیل هونەرپەژووە) لە سایتی "اداره ثبت احوال بۆکان" یشدا دەرکەوتوون، بەڵام دووکەسی دیکەی لێ زیاد کراون: سەلیم خانی بەگزادەی بابامیری لە ئاغاواتی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و حاجی مستەفا نەججاڕی – کە لە سایتەکە دا نووسراوە "بەدەستی 'ضد انقلاب' شەهید کراوە".

هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان لە هیچکام لە وێبلاگ و ماڵپەڕەکەدا شێوازێکی دیاریکراویان نییە. ئەوەی سایتی ئیدارەی سەبت ئەحواڵ بێت، بنەمای کارەکەی لە سەر کۆپی شناسنامەی کەسەکان داناوە و وردە زانیارییەکیشی سەبارەت بە ژیانیان ڕاگەیاندووە. وێبلاگی جێژوان وێدەچێت هەندێک لەو بابەتانەی لە سایتی سەبتی ئەحواڵ وەرگرتبێت دەنا بۆنموونە، دەستی بە کۆپی ناسنامەی کەسەکان ڕانەدەگەیشت.

جگە لەوە، هۆکارێکی ڕوون بۆ هەڵبژاردنی ناوەکان لەلایەن وێبلاگەکەوە دیار نییە. هیوادارم بەرپرسانی وێبلاگ بایەخی زیاتر بدەنە کارەکە و زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو کەسانە و کەسایەتی دیکەی شار و ناوچەکە ڕابگەیێنن. بۆنموونە، شاعیری گەورەی گەلەکەمان سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) بۆ ئەوە دەبوو کاری زۆرتر لەسەر ژیننامەکەی بکرێت و نموونەی شیعرەکانیشی بڵاو بکرێتەوە و هەموو مەسەلەکە بەو ١١ دێڕە ڕاگوێزراوەی ویکی پێدیا[10] کۆتایی پێ نەیەت. بەڵام دەستی هەردوولا خۆش بێت بۆ ئاوڕدانەوە لەو کەسایەتییانە و لە مێژووی شار و ناوچەکە.

[10] هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاییگەیێنم کە سایتی ویکی پێدیا سایتێکی زۆر جێگەی متمانە نییە و خەڵکانی ئاسایی بابەتەکانی دەنووسن. بۆ نموونە، ئەو بابەتەی و الە سەبارەت بە 'کوردستان' ڕاگەیێنراوە، وێدەچێت تورکێک نووسیبێتی کە بە گوێرەی سیاسەتی تورکیا و پان تورکیستەکان، مادەکان بە تورک دادەنێت و بە شێوەیەکی زیرەکانە و ناڕاستەوخۆ هەموو پەیوەندێکی کورد لەگەڵ ماد دەداتە دواوە. کورد دەبێ وریا بێت و نەهێڵێت نەیار و دوژمنەکانی ئاوا زەفەری پێ بەرن.